كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 17:30بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# تەنز پانۆراما (29) ... ستیڤان شەمزینانی



بەراورد
-دەسەڵاتی بەعس بەفیشەك دەیكووشتی، دەسەڵاتی كورد بەمەراقەوە لەناوتدەبات.
-دەسەڵاتی بەعس بەشەو تیرۆری دەكردیت، دەسەڵاتی كورد بەرۆژی ڕووناك.
-دەسەڵاتی بەعس ئەبوغرێب و نوگرەسەلمانی هەبوو، دەسەڵاتی كورد قەڵاچوالان و ئاكری.
-دەسەڵاتی بەعس بەموخەریب تاوانباریان دەكردیت، دەسەڵاتی كورد بەتابووری پێنجەم و دەستی دەوڵەتان.
-دەسەڵاتی بەعس یەك سەركردەی پێویستی هەبوو، دەسەڵاتی كورد دوو سەركردەو سیانی شاگرد.
-دەسەڵاتی بەعس پیاوەكانی بەتەعال بانگیان دەكردیت، دەسەڵاتی كوردبە قەشمەر و سەرزل بانگت دەكەن.
-دەسەڵاتی بەعس دەسەڵاتی بەعس وەزیر و كاربەدەستەكانی جلی سەربازییان لەبەردابوو، دەسەڵاتی كورد كاربەدەست و وەزیرەكانی چاكەت و پانتۆڵ لەبەردەكەن.
-دەسەڵاتی بەعس بەعەرەبی جڵفە قسانی دەكرد، دەسەڵاتی كورد بەكوردیی پەتی دێتە دوان.

ئایا بڕوا دەكەن؟
-مامۆستایەك وانەی مافی مرۆڤ دەڵێتەوە و بە خوێندكارەكانی دەڵێت حەیوان، هەچە....
-خوێندكارانی شەشەمی وێژەیی ئامادەییەك داوای گەشتی زانستییان لەبەڕێوەبەری خوێندنگەكەیان كردبوو.
-فیتەرێكی ناسراو هەیە لە سلێمانی، دوو وتاری لەسەر میشێل فوكۆ بۆ هەفتەنامەیەك ناردبوو.
-پار لەزیندانی كانی گۆمە لەسایەی دەسەڵاتی هەرێمدا كۆمۆنیست و ئیسلامییەك رۆژ تا ئێوارە پێكەوە شەترەنجیان دەكرد.
-موزەمیدێك هەیە لەعیادە لاكۆنەڵانەكەیدا جگە لەتەداوی، قاوەو و بەخت و دەستیش دەگرێتەوە.
-هەڵسوراوێكی ژنان لەلای شێخێك دوعای كردبوو تا مێردەكەی بەرامبەری دڵی نەرم بێت و چیتر لێی نەدات.
-لە ئاهەنگەكەی هونەرمەند جەمشید دا لەسلێمانی، هەندێك گەنج هاواریان دەكرد جەمشێر، جەمشێر.
-لەسلێمانی لەدوكانی سیدی فرۆشەكاندا ئەگەر داوای فیلمی ماترێكس 3 بكەیت، فیلمی هیندیی مەردت دەدەنی.
-مامۆستایەك لای ژنەكەی وتبووی دەچم بۆ حەج، دوای دەركەوت ئەو ماوەیە لەلوبنان لەشوێنە هینەكان بووە، ئێستا پێی دەڵێن حاجی لوبنان.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
24-6-2007 17:30بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە

-لەکام وڵاتدا لەبیست و چوار سەعاتدا دووسەعات و نیو کارەبا هەیە (کۆنگۆ – ئەفغانستان - کوردستان) .
-لەکام وڵاتدا گەندەڵی لەسەددا هەزارە؟ (کوردستان – بەنگلادیش - سریلانکا) .
-لەکام وڵاتدا وەزیری حەوت موچە هەیە؟ (تەنزانیا – کوردستان - ڕۆمانیا) .
-لەکام وڵاتدا دوو کوێخا و سی دەمڕاست و چوار ئاغا هەیە؟ (ئەسیوبیا – جیبۆتی - کوردستان) .
-لەکام وڵاتدا حکومەتی بەحیساب عەلمانی و دەستوری ئیسلامی هەیە؟ (کوردستان – سۆماڵ - ئەریتریا) .
-لەکام وڵاتدا دوو وەزارەتی دارایی و دوو هێزی نیزامی هەیە؟ (مۆریتانیا – کوردستان - تەیمور) .
-لەکام وڵاتدا دوانزە کاریزماو یەك گەلی تەنیا هەیە؟ (ڕواندا – چاد - کوردستان) .
-لەکام وڵاتدا بیست دەزگای هەواڵگیریی وڵاتانی تر هەیە؟ (کوردستان – کینیا – مۆزەمبیق) .
-لەکام وڵاتدا خەڵك لەزێدی خۆیدا ئاوارەیە؟ (یەمەن – کوردستان - سودان) .

سرووده نیشتمانییەکان

-عاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ نیم
شێت و شەیدای دەسەڵاتم و بشزانە کە خەیاڵ نیم
-کوردستان نیشتمانی کورد بەرزو پیرۆزی سوێندت پێدەخۆم
بەڵێن بێت تامردن خێر و بێرەکەت بەناڕەوا بخۆم
-ئەی ڕەقیب هەرماوە قەومی کورد زمان نایشکێنی دانەری تۆپی زەمان
من هەر خەریکی گەندەڵی دەبم چش بادەنگی ناڕەزایەتیش بگاتە ئاسمان
-وا هاتن پێشمەرگەی مە جابك جابك پەهلەوان
هەرچی لەڵاوتدا هەبوو گسکیان لێدا بۆ دیوی ئێران.
-ئەی کوردینە، ئەی مەردینە بادەست خەینە ناودەست هەموو
ڕیسی کوردایەتییەکەمان نەك خوری بووەتەوە بەپەموو.

گفتوگۆی دوو ڕیشۆڵە

-ڕیشۆڵەی یەکەم: ڕۆژباش من ڕیشۆڵەی کوردستانم، ئەی جەنابتان؟
-ڕیشۆڵەی دووەم: باشتر، سوپاس، منیش ڕیشۆڵەی ئەورووپام، بەرەو ئێرە گەشتدەکەم.
-ڕیشۆڵەی یەکەم: نا، نا تۆچی دەکەیت؟ خۆ ئەجەلت نەهاتووە دێی بۆ وڵاتی قەزاو قەدەر؟
-ڕیشۆڵەی دووەم: کێشە نییە، تەنیا گەشتێکی چەند ڕۆژەیەو بەس.
-ڕیشۆڵەی یەکەم: ئەری بەراست لای ئێوە مۆلیدەی ئەهلی هەیە؟ ئەی کری پاس بەچەندە خۆگران نەبووە؟
-ڕیشۆڵەی دووەم: سۆری، هیچ تێنەگەیشتم.
-ڕیشۆڵەی یەکەم: ئەی لای ئێوە سی مانگ جاری بایعی دەدری؟ ئەی بیرم نەبوو مانگی 15 ڕۆژیش پشووە؟
-ڕیشۆڵەی دووەم: سۆ سۆری، بڕوا بکە، نازانم تۆ باسی چی دەکەیت.
-ڕیشۆڵەی یەکەم: لەوڵاتی ئێوە چل و دوو وەزیر و سی هەزار ڕۆژنامەنووس و حەوت سەد شاعیر هەیە؟
-ڕیشۆڵەی دووەم: ئایا ناتوانی بەزمانێك قسەبکەیت منیش تێبگەم؟
-ڕیشۆڵەی یەکەم: لای ئێوە پۆلیس هەیە کۆنە بفرۆشێت؟ مامۆستا هەیە تویوتای بار هەڵگری پێبێت؟

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

-ریشۆڵەی دووەم: ئەری ئازیز تۆ باسی چی دەکەیت؟ نازانم، تێناگەم، من دەرۆم، بای.
-ریشۆڵەی یەکەم: تۆ جاری بوەستە، هەزار و یەك پرسیارم ماوە، تۆ مەڕۆ..
-ریشۆڵەی دووەم: کات تەواو، بەئیمەیل بۆم بنێرە، ئەگەر بوار هەبوو وەڵامت دەدەمەوە.

Shamzini 79@hotmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.